سەماحەتی حەكیم هۆشداری دەدات لە ڕێگاگرتن لە خەڵك لە بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكان لەبەر ئەوەی ئەنجامی زۆر ناهاوسەنگی لێدەكەوێتەوە و مەترسی بۆ سەقامگیری دەبێت

ammaralhakeem.com

لەكۆنگرەی هەڵبژاردنی ڕەوتی حیكمەی نیشتمانی كە یەكێكە لە لایەنە هەرە گرنگەكانی هاوپەیمانێتی هێزی دەوڵەتی نیشتمانی ، بەڕێز عەمار حەكیم سەرۆكی ڕەوتی حیكمەی نشتمانی ئاماژەی بە گرنگی پڕۆژەی پەیامی و ئامتدەكاری بە دەركەوتنی خاوەنی سەردەم و زەمان كرد و سەركۆنەی خۆی بە دوو ڕوویی لەمامەڵەكردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە پێوەرەكانیان سەبارەت بە كەیسی فەلەستینی دووپات كردەوە، داواشی كرد ئەو دەستدرێژی كردنە ڕابگیرێت و هاوكاری و یارمەتی بچێتە ژوورەوەو دەست بە ئاوەدانكردنەوە بكرێت.

سەماحەتی ئاماژەی بەو تەگەرانە كرد كە عێراق بە خۆڕاگری ڕۆڵەكانی و هەڵوێستی مەرجەعیەی ئاینی باڵا و سەركردەكانی سیاسی و كۆمەلایەتی تێپەڕی كردوە، دووپاتیشی كردەوە كە عێراق باجی ئەو سەقامگیریەی بە پارە و چانس و خوێنی ڕۆڵەكانی دەدات.

سەماحەتی دووپاتیشی كردەوە كە ئەو ڕكابەریانەی عێراق تیپەڕی كردوە، ڕكابەری ئەمنی و سیاسی و كۆمەلایەتی بوون، ئەو ڕكابەریەی ئەمڕۆ گرنگی هەیە ڕكابەری ئابووری و خزمەتگوزاریی و فرە سەرچاوەی داهاتە بۆ ئەوەی تەنها پشت بە پارەی نەوت نەبەسترێت، بۆیە جەختی كردەوە لەسەر ئەوەی كە پێویستە كەرتەكانی دیكەی وەك پیشەسازی و كشتوكالی و وەبەرهێنان و گەشتیاری و تەكنەلۆژیا، پێویستی وڵات بە دیدی ستراتیژی و سیاسەتی ڕوون و پلانی سەركەوتوو و پڕۆژەی زانستی و تیمی كاركردنی چالاك هەیە، ئەو هەموو شتانەش دیدەكی كامڵی پێویست بۆ پێشخستنی ئابووری خزمەتگوزاری دەهێنێتە دی.

سەماحەتی ڕوونی كردەوە كە عێراق پێویستی بە سیاسەتێكی هاوسەنگ هەیە كە لەسەر بەرژەوەندیەكانی عێراق و گەلەكەی بنیات بنرێت، داواشی كرد پەیوەندیەكی تەواوكاری نێوان پارێزگاكان هەبێت، هەروەها چانسی هەلی كار بۆ لاوان هەبێت وەك پێوەرێك بۆ دیاری كردنی پێشەنگ و ڕیزبەندی پڕۆژەكان.

سەماحەتی داواشی كرد بەرەنگاری گەندەڵی ببینەوە بەپێی دید و پلانی ڕوون، دووپاتیشی كردەوە كە ڕوونی و ڕاستگۆیی و پەیڕەوكردنی تەكنەلۆژیای تازە و كەمكردنەوەی ڕۆتین سەرەتایەكی گرنگ دەبێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.

سەماحەتی داوای بەشداری كردنەكی بەرفراوان و ژیرانەی لە هەڵبژاردنەكان كرد، ڕوونیشی كردەوە كە هەموو كەسێك مافی بەشداری كردنی هەیە، هەر وەك بەشداری نەكردنیش مافی هەموو دەنگدەرێكە، هۆشداریمان داوە لەسەر بانگەشەی بەشداری نەكردن لەو هەڵبژاردنانە و ڕێگاگرتن لە خەڵك لە بەشداری كردن، لەبەر

ئەوەی ئەوە ئەنجامی نا هاوسەنگ لە نوێنەرایەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەخولقێنێت، بەتایبەتی لە هەندێك پارێزگا لەوانەی فرە پێکهاتەی لەخۆیەوە گرتوە، ئەنجامەکانی ڕێگا گرتنیشی لە خەڵکی لە بەشداریکردن خستە ئەستەی ئەوانەی بانگەشە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەوە دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی پێکهاتەکان و حاڵەتێکی ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە.